# بەسزاگەیاندنی بکوژانی بەنازمەحمود، تەنها یەك هەنگاوە!

ئەمرو 11-6- 2007 سەرەنجام دادگای ئۆڵد بەیلی لەشاری لەندەن پاش بەدواچوون ولیکۆلینەوە لە کەیسی بەناز، سەلماندی کەهەریەك لەمحەمەد حەمە و مەحمود مەحمود بابە کرئاغا( باوکی بەناز) و ئاری مەحمود بابەکر ئاغا(مامی بەناز)، تاوانبارو بکوژی بەنازن.. بەناز محمود کچە کوردێکی تەمەن 20 سالّ، پاش 3 سال لەژیانی هاوسەریتی و نەگونجانی لەهاوسەرەکەی جیادەبیتەوە و دەگەریتەوە مالی باوکی. بەلام باری خیزانی ئەو بەپێی پیوانەکانی شەرەف و ناموس ومامەلەی پیاوسالاری ، بەردەوام ژیانی ئەوی لەنیو گوشاری توندوتیژی و لیدان و هەرەشەی مەرگدا راگرتووە وچەندین جار ناچاربووە بەهەلهاتن و پەنابردن بۆدەزگاکانی پۆلیس وئەوانی لەمەرتسی‌یەکانی ژیانی خۆی ئاگادار کردۆتەوە. بەلام بەپیچەوانەوە بەرپرسیارانی پۆلیس کیشەکەیان بەجدی وەرنەگرتووە و تەنانەت پێیان وابووە کەبەناز نەك لەگەل مەترسی گیانی وکوشتن بەرەو ڕوونییە بگرە هیچ جۆرە توندوتیژی‌یەکی خیزانیشی لەسەر نییە و بەم هۆیەشەوە ژیان و چارەنوسی ئەو دەسپیردریت بە پیلانی بکوژانی. بەووتەی پاریزەرەکەی بەناز "ئەگەر پۆلیس کەیسی بەنازی بەجدی بگرتایە، ئیستا ئەو نەمردبوو!" .. بەناز دوای ئەوەی لەمانگی 1ی سالی 2006 دا بیسەروشوین دەکری، لەمانگی 3ی هەمان سالدا لاشەکەی لەنیو جانتایەکدا لەمالی کەسێکی کورد لە شاری بیرمنگهام دەدۆزریتەوە.



بەناز: قوربانی‌یەکی تری ناومس پەرستی

بیگۆمان مەحکومکردن وسەلماندنی راستی بکوژانی بەناز و بەسزاگەیاندنی لەلایەن دادگاوە، هەنگاویکی گەورەیە بۆچاوترساندنی ئەوانەی کە ئەقلیەتی پیاوسالاری و دەمارگیری پیاوانە ریگایان پیدەدات کەسەربەرزانە بەناوی گیرانەوەی شەرەف راوەستان لەنیو زەلکاوی داب ونەریتی دارزیوی ئاینی وفەرهەنگی خۆمالی دەستیان بچیتە کچ وخوشك ودایك و هاوسەریان وئامادەبن تراژیدیای خویناوی بخولقیین. ئەمە دەستکەوتیکە کەبەهەولی بزوتنەوەی ژنان و ریکخراوەکانی بەدەستهاتووە. خەباتی ئیمە ریکخراوەکانی ژنان و خەلکی ئازادیخواز لەکۆمەلگای بەریتانیادا، لە تاوانی کوشتنی هیشووەوە رەچەتەی قەیدوبەندەکانی سیاسەت و مامەلەی مەلتی کالچارلیزمی دەولەتی شکان و لاپەرەیەکی تری بەدوای کەیسی سوبحیە نادردا هەلداوەتەوە. بیگومان ئەمە دەستکەوت وهەنگاویکە بەلام ئەمە هەموو ئەو داوایانە و ئەو هەنگاوانە نین کەریگاچارەی ئیمە، ژنان وپیاوانی ئازادی خواز ویەکسانی خواز بۆبەرگرتن لەدوبارەبوونەوە و کۆتایی هینان بەکارەساتە دلتەزینەکانی کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف، لەدەستورماندایە. هەربۆیە دەبی:

1- دەزگاکانی پۆلیس و دەولەت زۆرتر هەستیاربکرینەوە وبەرپرسیاربکرین بۆبەدواداچوون و هەلویست نواندنی خیرا لەبەرامبەر هەر حالەتیکی نەخوازراوی خیزانی کەرووبەرووی ژنان دەبیتەوە.

2- دەولەت دەبی ژنانی پەنابەر بەپێی ماف و ئازادی‌یەکانی ژنان لەکۆمەلگای بەریتانیادا مامەلە پێبکاو هیچ جۆرە خسوسیاتیکی فەرهەنگی وئاینی ونەتەوەیی لەبەرچاو نەگری بۆریکخستنی ژیانی ژنان و پەنابەران. بەتایبەتیش هەموو ئەو شیوازانە هەلوشیتەوە کەئیزۆلەکردن ودابرانی ژنان وخیزانی پەنابەری لەکۆمەلگای بەریتانیا بەدی دینی ولەچوارچیوەی فەرهەنگی ئاینی وخۆمالیدا دەیان هیلیتەوە.

3- دەبی دەولەت دەستبەجی هەموو ئەوژنانەی کەلەکوردستانەوە بەهەرهۆیەکەوەبیت، رویان لەژیانی پەنابەری کردوە مافی پەنابەریتیان بۆبەرەسمی بناسینی و زۆرترین ئیمکانات بۆتیکەلاوبوونی خیرایان فەراهەم بکات.

4- دەبی دەولەت زۆرترین ئیمکانات بخاتە ئیختیاری ریکخراوەکانی ژنانەوە وکۆمەکیان پیبکات بۆکارکردن لەنیوژنان و پیراگەیشتن بەکیشەوگرفتەکانیان، لەمبارەوە کردنەوەی شیلتەرو دەزگای فریاگوزاری خیزا بۆئەوژنانەی کەلەسەرەتای کیشەی خیزانیدان.

5- دەولەتی بەریتانیا دەبی لایەنیکی گوشاری راستەوخۆبیت بۆسەردەسەلاتدارانی کوردستان تا دەولەت ونیزامیکی سکولار لەکوردستان بیتەکایەوە کەماف و ئازادی‌یەکانی ژنان بەرەسمی بناسینی.

دەبا بەسزاگەیاندنی بکوژانی بەناز بکەینە سەرەتای فراوانکردنەوەی هەول و تیکۆشانیك بۆبەرگرتن بەتاوانەکانی کوشتنی ژنان لەناوخو ودەرەوەی کوردستاندا..


سەوسەن سەلیم

## رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان


2007-6-11